به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# دەرچوونی ڕامان لە پێنجی هەموو مانگێکدا، کەشوهەوای ژوانێکی عاشقانەی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە ڕەخساندووە

د.عوسمان یاسین

بەردەوامی دەرچوونی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی وەک گۆڤاری (ڕامان) لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا، هەڵگری کۆمەڵە ئاماژەیەکە و دەکرێت لێرەدا ئەگەر بە شێوەیەکی برووسکەییش بێت، هەندێک لەو ئاماژانە بەرچاوتر بخەین، هەرچەندە خودی ئاماژەکان بە خۆیان، خۆیان دەردەخەن.

١- دەرچوونی (٢٥١) ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)، مێژووی نزیکەی چارەکە سەدەیەکی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هزری کوردی لە کوردستان بە گشتی و لە کوردستانی باشوور بەتایبەتی تۆمارکردووە، کە زەخیرەیەکی باشە بۆ خوێندنەوە و شەنوکەوکردنی باری ڕۆشنبیری کوردی لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، کە دەکرێت لە میانی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژمارەکانی ئەو گۆڤارە لەو ماوەیەدا، هێڵە سەرەکییەکانی بەرز و نزمی و هەوراز و نشێوی هزر و ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەدا دەستنیشان بکەین، چونکە ئەو گۆڤارە پێشەنگێکە لەو گۆڤارە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هزری و.. کوردییە دەگمەنانەی کە لە کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان بە لە خۆگرتنی سەرجەم کایە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٢- لەو ماوەیەی نزیکەی چارەگە سەدەیەکە، لە گۆڤاری (ڕامان)دا، سەرجەم کایە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری بەرچاو دەکەون، وەک دەقە ئەدەبییەکان (شیعر و چیرۆک و شانۆگەری) و خوێندنەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕان و هزر و فەلسەفە و مێژوو و چاوپێکەوتن و دەق و ڕەخنە و زمانزانی و سۆسۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و ئەرشیڤ و فۆتۆگراف و سینەما و شانۆ و باسوخواسی جۆراوجۆر، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک ئەم گۆڤارە ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە کە بەهۆی نەبوونی گۆڤاری تایبەتمەند بەو کایە ڕۆشنبیرییانە ئەو کەلێنانە هەبوونە، چونکە هەرچەندە ئەگەر هەندێک لەو گۆڤارە تایبەتمەندانەی ئەو بوارانە چەند ژمارەیەکیان لێ دەرچووبێت، بەڵام لە خزمەتکردنی بوارە تایبەتییەکە بەردەوام نەبوونە، وەک گۆڤاری تایبەت بە سینەما، شانۆ، وەرگێڕان، فەلسەفە... تاد، کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا تاک تاکە لەم جۆرە گۆڤارانە بەرچاو دەکەون، کە چەند ژمارەیەکیان لێ دەرچووە و بەردەوام نەبوونە.

٣- بەردەوامی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری بۆ ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەک بە بێ پچڕان، سەرەڕای

هەبوونی چەندان تەنگوچەڵەمە و تەنگژەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی باشوور لەو ماوەیەدا، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بوونی ویست و ئیرادەی توێژێکی ڕۆشنبیری کوردی کە لەبەردەم ئاستەنگ و تەنگژەکاندا چۆک دانادات و سەرکێشانە بەردەوامی بەخۆی دەدات، کە دەکرێت ئەم جۆرە ئیرادەیە هەوێنی پرۆژەیەکی فراوان بن لە پێناو هەوڵ و کۆششەکانی نوێخوازی و خۆدۆزینەوەی هزری لە نێو جەنجاڵی کولتووری باڵادەستی ناوچەکە و جیهان.

٤- بەردەوامبوونی نزیکەی نیو چارەکە سەدەی گۆڤاری ڕامان، ئاماژەیە بۆ زیندوویی ڕوحی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەخشندەیی و داهێنان و خوێندنەوەکانیان بۆ بوون و ژیان و مێژوو و پێشهات و ڕووداوەکان و دواندنی مەرگەساتەکانی گەلی کوردستان.

٥- لە میانی (٢٥١) ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)دا، ئەم گۆڤارە توانیویەتی سەرجەم هزر و ئەدەبیاتی نووسەرانی کورد لە هەر چوار پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە هەندەران بە خۆوەبگرێت، بە سیمایەکی نەتەوەیی و نوێخوازانە و دیموکراتخوازانە و دوور لە کاریگەری حزبی کە سەرجەم کایەکانی ژیانی کوردستانی پاوان کردووە، بەردەوام بێت. دیارە کارکردنی ئەم گۆڤارە لە دەرەوەی هەژموونی سیاسی و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی، هۆکارێکی سەرەکییە لە بەخۆوەگرتنی سەرجەم ڕۆشنبیرانی کوردستان، هەرچەندە ئەم گۆڤارە سەر بە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی حزبێکی باڵا دەستی کوردستانە، بەڵام بەردەوامبوونی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا و بەم شێوەیە، خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی نموونەییە و ئاماژەیەکی باشە بۆ دەرفەتدانی حزبی کوردستانی بە گەشەکردنی بواری هزری و ڕۆشنبیری لە دەرەوەی هەژموونی سیاسەتێکی بەرتەسک و ئاسۆکردنەوە بۆ ستراتیژیەتێکی نەتەوایەتی فراوان کە سەرجەم هزر و کولتووری خەڵکی هەموو کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوە بە خۆوە بگرێت.

٦- بەردەست بوونی زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕامان لە لاپەڕەی تایبەتی گۆڤارەکە لەسەر سایتی ئینتەرنێت و دانانی ژمارە نوێیەکانی مانگانەی لە بەرەبەیانی پێنجی هەموو مانگێکدا، کەشوهەوای ژوانێکی عاشقانەی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە ڕەخساندووە کە لە سایەیدا خوێنەرانی کوردستان هەست بەوە دەکەن لە کازیوەی بەرەبەیانی کوردستاندا، ئاسۆیەکی ڕوون خۆی هەڵدەخات.

٧- خوانەخواستە بیرکردنەوە لە وەستاندنی ئەم گۆڤارە کە دەکرێت ئێستا وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری فراوان باسی لێوەبکرێت، شکستێکی گەورە بەسەر کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا دەهێنێت، کە لەوانەیە لە ئاستی ڕۆشنبیریدا هیچی لەو شکستانە کەمتر نەبێت کە چەرخی ڕۆژگار بەبەردەوامی بەسەر کوردستانیدا دەهێنێت.

٨- گۆڤاری ڕامان سەکۆیەکە هەموو دەنگەکانی بە خۆوەگرتووە، ئەو دەنگانەی کە دەنگی ئەو میللەتەن، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بانگێشەخوازانی مافی مرۆڤ لە سایەی بەرژەوەندی تەسکی سەرمایەداری گوێیان لێ داخستووە و خۆیان لێ کەڕکردووە، جارجارە ئەگەر پاوانخوازانی جیهان بۆ سوود و بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیان ئاوڕێکیان لێ دابێتەوە، بەڵام لە کەمترین دەرفەتێکدا بە پێی بەرژەوەندییەکانیان، لە چوونە سەنگەری ناحەزانی ئەو میللەتەوە دریغیان نەکردووە.

هیوادارین گۆڤاری (ڕامان) بەردەوام بێت، تا دەنگە کپکراوەکانی کوردستان لە نێو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و جیهاندا بۆ مێژووی خەباتی نەپساوەی کورد، بۆ ڕزگاری و ئازادیخوازی تۆمار بکات.